# هەرە شەكانی توركیاو هەڵوێستی شەقامی كوردی

**دەبێت هەمووتاكێكی تورك ئەوڕاستیە بزانن دونیا گۆڕاوە و**

**پەلامارداني   كوردستان مەرگی خۆیانەو كوردستاندەبێتە گۆڕستانی سەربازەكانیان**

## ئا: ئاسۆ




دوا بەدواى  پرۆسەی ئازادی سەنگو و ڕۆڵی كورد لەعێراقی فیدراڵدا بەشێوە یەكی بەر چاو ڕو ىلە زیاد بون كرد   و ئەمە ش وای كردوە ئیستا   لەعێراقدا دەستورێك هەبێت كەلانی كەم بەشێكی زۆری مافەكانی كوردی دابین كردبێت ئێستا سەركۆماری عێراق كوردەو هاوكاتیش بەشێكی زۆری ناوەندەكانی بڕیار و دەسەلأت لەعێرا قدا بەدەست  كوردەوە یە    كە ئەمە ش بۆتە جیگەی نیگەرانی و ترسی دوژمنانی كوردستان  توركیا یەكێكە لە ودەولەتانەی كەبەدریژای مێژو دژایەتی خواستو ئاواتی سەر بەخۆی كوردستانی كردوە  ئیستاش بەشێكی زۆری خاكی كوردستان بەدەست ئەم ڕژێمە داگیر كەرەوەیە و  بەردەوام لەهەوڵی سڕینەوەی ئەو پارچەیەی كوردستاندایەو بەهەمووشێوە یەك نكۆڵی لەبونی كورد ئەكات لەتوركیادا ئەمە سەرە ڕای  ئەوەی دژایەتی هەموبزوتنەوە ڕزگاری خوازیەكانی كوردستانی كردوە لە هەرسێ پارچەكەی تری كوردستاندا  ئێستا ڕاگەیاندنی شۆڤێنی و ڕەگەز پەرستی تورك بەهەموشێوە یەك كەوتونەتە پەلاماردانی بز وتنەوەی ڕزگاری خوازی كوردلەكوردستانی عێراق و هەڕەشە لەبونی ئازادی كورد دەكەن ڕاگە یاندنە كانی ئەردۆگان و ئەبدولاگویل ئەو ڕاستیە دەردەخەن كە دەولەتی فاشتی تورك لەهەولی پلانی مەترسیدار دایە دژ بەكورد  توركیا بە بیانوی بونی پەكەكە لەكوردستانی عێراق و پاراستنی توركمانەكان  دە یەوێت  هێرشی سەر بازی بكاتە سەر كوردستان  ئەمانجی توركیش  لەم هێرشە نە چەكدارە كانی پەكە كەو نە پاراستنی توركمانەكانە     بە لكو ئامانجی تورك داگیركردنی كوردسانەو تەماعی لەمیژینەی توركیش كەركوك موسلە و لە ناوبردنی ئەو ئازادیی و نیمچە سەر بەخۆییەی كوردستانی عیراقە    كە دە یەوێت بەم ڕیگا یە  بەدەستی بهێنێت   دوا بەدوای ئەم هەڕەشانە   سەركردایەتی سیای كوردستان  وە لامی  ئەم  هەرە شانەی توركیای بەچەندین شێواز دا یەو و ئەوەی ڕا گە یاند  كە توركیا  هێرش بكاتە سەر كوردستا ن هەڵە یەكی كوشندە دە كات  هە رچیڕای گشتی كوردستانیشە  كۆكە لەسەر ئەوەی بەهەموشێوە یەك بەرگری لەخاكی كوردستان بكرێت ئێمە  لەم راپۆرتە دا ڕای چەندین  هاولأتیمان وەرگرتوە   سە بارەت بەم هەڕەشانەی  توركیا و شێوازی بەرە نگار بونەوەی ئەو هەڕشانە     فایەق سەعید كە كاسبكارە وتی باشترین ڕیگا بۆوە لأمدانەوەی هەڕەشە كانی توركیا یەگرتوی حیزبە كوردستا نیە كانەو دەبێت بەهەمو شێوە یەك خۆمان بۆخراپترین ئەگەر حازر بكەین چونكە دەولەتی توركیا لەسەدام حسێن زیاتر دوژمنایەتی كورد دە كات نەورەس كەمال : بە بۆچونی من دەبێت ئەو شەڕە لەگەڵ توركیادا بكرێت بەلأم كەی و چۆن ئەوایان دیار نیە من  تەمە نای ئەوە دەكەم كەچۆن سەدامی عەرەبمان كردە پەند ئاوهاش توركیا بكە ینە پەند بۆ مێژو  لاڤە عوسمان لەو باوەڕەدا نیم توركیا  هیرش بكاتە سەرمان لە بەر ئەوەی بارودۆخەكە گۆڕاوە پاشانیش توركیا بێ ئەمریكا ناتوانێت هەلەی لەو شێوە یە بكات  خۆ ئەگەر ئەمریكا ڕیگا بەتوركیا بدا ئەوە بەدلنیا ییەوە توركیا هەر ئێستا هێرش ئە كاتە سەرمان بەلأم دەبێت توركیا ئەو ڕاستیە بزانێت كە ڕو بەڕوی شەرێكی سەخت دەبێت  ئاكامەكەشی لەزە رەری توركیا تەواو دەبێت .سیراوان حەمە سالح بە بۆچونی من توركیا ئەو هەڵە یە ناكات لە بەر ئەوەی بارودۆخی عێراق  زۆر ئالۆزەو لە بەرژەوەندی ئەمر یكا نیە  پە لا ماری كوردستان بدا ت خۆ كا كە ئێمە ش گولیان تێ ناگرین دەبێت سە ربازانی تورك ئەو ڕاستیە بزانن كە نایەن  بۆ شەڕێكی  ئا سان بەلكودێن  بۆئەوەی كوردستان  ببێتە گۆڕیان دلنیام ئەگە رتوركیا بێت نەك كوردستانی پێ داگیر ناكرێت بە لكو لەولأتەكەی خۆشیدا توشی داڕمان دەبێت    من تەمانادەكەم كە توركیا هەڵە یەكی وا  لەم دۆخەدا بكات بۆئەوەی دەرزێكیان دابدەین  كە میژو یان لە بیری نە كات شەونم خەریب خوێند كاری زانكۆ  :   هاتنی تو ركیا وا ئاسان نیە لەوبرڕوایەدانیم  لە بەرژەوەندی تورك هەبێت كاری وا بكات توركیا لە كاتی پرۆ سەی ئازادیدا نە چوە پشت سیاسەتی ئەمریكاو ئیستاش باجی ئەو هەڵە یە ئەدا بە بۆ چونی من جارێكی كە هەڵەی تر دو بارە ناكاتەوە لە بەر ئەوەی ئیستا ئەمریكا گرەو لەسەر عێراق دە كات  چۆن  ڕێگە بە توركیا ئەدات بارودۆخەكە ئالۆز بكات   شەهین عومەر : خوێند كار  باشترین ڕو بەڕو بونەوە ئەوە یە كە دەبێت ئێمە داوا لە ئەمریكا بكەین هەڵویستێكی ڕون بەرا مبەر توركیا دەر بڕێت هاوكاتیش حكومەتی عێراق لەسەر زاری سەرۆك وەزیران هەڵوێست ڕابگەیەنن دیدار خەسرەو : خوێند كار  كاتێك حوكومەتی ئیسرا ئیل هێرشی كردە سەر لو بنان ڕو بەڕوی بەرگریەكی بەهێز بوە وە ئەمە لە كاتێكا ئەمریكا بەهەموشێوە یەك پشتیوانی ئیسرا ئیلی لەو جە نگەدا كرد    خۆبینیمان ئیسرائیل توشی شكست بوو لە جەنگ لەگەڵ حیز بولا  بۆ یە  ئێمە ش دەبێت خۆمان حازركەین  بۆ  جەنگێكی وا بە  بۆ چونی من دە بێت لەڕوی سەر بازیەوە خۆمان باش ئامادە بكە ین هاو كاتیش لەڕیگای دۆستە كانمانەوە داوای چەكی پێشكەو تو موشەكی دورهاوێژ  بكە ین وە لەڕوی سیا سیشەوە بكە وینە جموجولۆ داوا لەدۆستە كانمان بكە ین پشتیوانیمان بكەن هەروە ها دەبێت خۆشمان لەنێو خۆماندا سازو ئامادە بین وە

هەموحیزبەکانی کورد ستان یەك هەڵویستمان هەبێت شیروان خەریب کاسپکار : تورکیا وەك دەوڵەتێك تائیستا لەهەمورِوە کانەوە لەقەیراندایە تائیستاشی لەگەڵدابیت گیری خواردوە لەنێوان بون بەئەندام لەیەکێتی ئەوروپاو خەوبینین بە ئیمبرا تۆریەتی عوسمانیە کانەوە بەبرِوای من تورکیا لە هەردوو جەژنە کە بوە یەکەم هیچ کاتێك یەکێتی ئەورووپا ئامادەنیە دەوڵەتێکی ژوڤێنی ورِەگەزپەرست بکاتە ئەندامی خۆی و نە سەسەردەمی عوسمانیە کانیشماوە وە ئیستا تورکیا دەیەوێت لەرِیگای زەخت و هەرەشەوە خۆی بهێڵیتەوە بە بۆچونی من تورکیا کەوتۆتە ئەزمە یەکی گەورەوەو ناتوانێت خۆی لێدەرباز بکات تادێت رِۆڵو سەنگی ئەم دەوڵتەشۆڤێ نیە رِوو لەکەم بوون ئەکات لە ناوچە کەدا بۆیە من بەدوری نابین هێرش بکات بەڵام لەوە دڵنیام بەم کارەشی ئەوە ندەی دیکە توشی قەیران وکیشە دەبێت کە من وای بۆدەچم مەرگی خۆیان رِادەگەیەنن دوای وەرگرتنی رِاو بۆ چونی ئەم هاولآتیانە ئەو پرسیارە لای من دروست بو کە ئایا کورد لە م باروودۆخدا تەرکیز بکاتە سەر لا یەنی سە ربازی بۆ بەرگری یان بە شێوەی دیبلۆماسی و سیاسی هەوڵبدا ت لەگەڵ تورکیادا کیشە کان یەك لای بکاتەوە شیلان عومەر: بە رای من رِیگە چارەی سیاسی باشترین رِێگەو چارە یە بۆ چارەسەری هەموگرفتە کان وە دەبێت سەرکردایەتی کوردستان تائەو جیگایەی کە پێویستە رِیگە چارەی دیبلۆماسی و ئاشتیانە بگرێتە بەر لە بە ر ئەوەی رِیگە چارەی سەر بازی چارە سەری کێشە کان ناکات و بگرە کێشە کان ئالۆزتر ئەکات داراحسێن کاسپ کار : هەڵبە تە رِیگە چارەی سیاسی با شترە بەلام ئەگەر مفاوەزات لەسەر ئەوە بێت کورد لە مافە کانی پێشێل بکرێت ئەوە رِیگە چارەی جەنگ تاسەر کوتن یان مردن هەڵبژێرین بەلام رِێگە چارەی ئاشتی لەسەر بەرژەوەندی دولا یەنە شتێکی زۆرباشە ئاڤیستا مە حمود خوێند کار: بە بۆ چونی من رِێگە چارەی سیاسی باشترە بەلام من لە و برِوایەدانیم تورکیا هیرش بکاتە سەرمان بۆیە دەبێت سەرکردە کانمان وە بە تایبەتی پەرلەمان هەولی خۆی بخاتە گەرِبۆئەوەی لە رێگای حکومەتی عێراق و ئەمریکاوە فشار بخرێتە سەر تو رکیا وە هەوڵبدرێت بەرِیگە چارەی ئاشتیش کێشەی پەکەکە یەکلای بکرێتەوە ئیستا لە نیوەندی را گە یاندن و سیاسی تورکیا دا وا دەوترێت کە تورکیا دەبێت پە نا بۆرِیگە چارەی سەر بازی بەرێت بۆ یەکلای کردنەوەی کێشەیچەکدارانی پەکە کە کە ئیستا لە بناری چیای قەندیل دا لە سنوری کوردستانی عێرا ق و ئێرا ندا ن بەلام لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش کە ئایا دەوڵەتی تورکیا تە نها بۆلێدانی بنکەو بارە گا کانی چەکدارانی پەکە کە دە یەوێت لەشکرکێشی بکات یان مە بەستی تر لە پشتی ئەم پرِو پا گەندانەوە هە یە ئایا رِای گشتی کوردی تا چەند ئاگاداری نیازە کانی تورکن سەر کەوت خالید خوێند کار : تورکیا دەزانێت بە نەمانی چەکدارانی پەکە کە ئەم کێشە یە چارە سەر نابێت کێشەی پەکە کەش ئیستا لەدەستی ئەمریکادایە نەك تورك چونکە ئیستا ئەمریکا عێراقی داگیر کردوە دۆسیەی ئەمنی عێراق لەدەستی ئەمریکادایە نە ك عێراقیە کان لە بەر ئەوە ئەو پرو پاگە ندانەی تورك دورە لە راستی و ئامانجیان نەوتی کەرکوك و موسڵە ئەوان دە یانەوێت بەهەر رِێگایەك بێت کوردستان لە نێو بەرن ئەم ئازادیەی کە ئیستا لەکوردستان دا هە یە ئەوان بەهەرِەشە بۆسەر خۆیانی دەزانن ئامانجیشیا ن هەرئەوە یە کە کورد لە نێو بەرن کە ئەم خە یاڵەیان خاوە و قەت بۆیان نایەتەدی شنە حجزا مە حەمەد : ئەوە بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە تورکیا ئامانجی لێدانی پەکە کە نیە بەڵکو ئەوە بیا نوە بۆئەوەی پەلاماری کوردستان بدات دڵنیاشم تاکە ئامانجیان لەنیو بردنی ئەو دەسکەوتانەیە کە کورد بەدەستی هیناوە کاوە حسێن فەرمان بەر : ئیستا کورد لەنێو عێراقدا دەسکەوتی زۆری بەدەست هێناوە ئەمە ش وای کردوە کە دەوڵەتی تورکیا کە دوژمنێکی سەرسەختی کوردە هەراسانبێت و بەم هەرِەشانە وە یان بەهێزی سەربازی بیەوێت ئەم دەسەکەوتانە لە بار ببات کەدڵنیام تورکیا قەت ناتوانێت سەربەستی نەتەوە یەك داگیر بکات وە ئەو زەمە نەش بە سەر چوە .دلێر رِەشید من دڵنیام تورکیا ئامانجی زۆرە یەکێك لە ئامانجەکانی ئەوە یە بەلام ئامانجی هەرە گەورەیان ئەوە یە کە کوردلەنیو بەرن بەبرِوای من ئەوە شیان قەت بۆنایە تەدی و دەبێت دەوڵەتی تورکیا سەیرێکی صدام بکەن و لەوەوە دەرسێك وەرگرن پاشان تورکیا خۆی باش دەزانێت کە توشی چ قەیرانێك بوە و لەئاستی ناو خۆو دەرەوە دا بۆیە دەبێت بزانن لەشکر کێش ئەوەندەی تر کێشە کان قوڵتردە کاتەوە و خۆشیان زەرەر مەند ئەبن .شاخەوان رەوف فەرمان بەر: تورکیا ئامانجی لەنیوبردنی کوردە ئەمە هەمووتاکێکی کورد دەیزانێت بەلأم دەبێت هەمووتاکێکی تورك ئەورِاستیە بزانن دونیا گۆراوە و پەلاماردانی کوردستان مەرگی خۆیانەو کوردستان دەبێتە گورِستانی سەربازەکانیان وە توشی کاراساتێك ئەبن کە بۆهە تا هەتایە لەبیری نەکەن دەبێت تورك ئەوە بزانێت کە نزیك بە30 ملوێن کورد رِوبەرِویان دەبێتەوەو لەهەمولایەك جەنگ بەرپادەکەن وە تورکیا دەبێت ئەوە بزانێت ئەگەرهێرش بکاتەسەر کوردستان ئەوا لەنیو ماڵی خوشیدا رِو بەرِوی شەر دەبێتەوە ئەمە جگە لەوەی سەربازە کانیا بەزیندوی دین بەلام بەمردوی دەگەرِێنەوە باشترین رِیگە بۆتورکیا ئەوە یە کەبیر بکاتەوە لە باتی دژیاتیمان دۆستا یەتیمان بکات و هەوڵبدات کێشەی کورد لەتورکیا چارە سە ر بکات ئەمە رِیگە چارەی سەردەموشارستانیە زمانی چەك بۆتورکیا واتای لەنێو بردنی خۆیانە من هیوادارم کە خەڵکی تورك لەو رِاستیە بگات کە کوردیش مرۆڤەو مافی سەر بەستی خۆی هەیە و پێویستە ئەوان رِێز لەو مافە بگرن .ئیستا لەشەقامی کوردی و نیوەندە سیاسی و رِۆژنامەوانیە کاندا باس لەدۆستایەتی ئەمریکادەکرێت لەگەڵ کوردا وە ئەمە بۆتە ئومێدێك بۆکورد کە زۆرێك لەسیاسیە کان باس لەوە دەکەن کە ئەمریکا پشتیوانی کوردەو هیچ کاتێك رِێگەبە تورکیا نادات هێرش بکاتە سەر کوردستان وە ئەگەربێتو تورکیا کارێکی وە هابکات لە لایەن ئەمریکاوە هێرش دەکرێتە سەری و وەدەردەنرێت وە تاکە ئومێدی سەرکردەکانی کوردستانیش ئەمریکایە بەلأم ئەو پرسیارە دێتە پێش کە تورك هاوپەیمانی ئەمریکایەو لە هەمان کاتیشدا تورکیا بۆئەمریکا بایەخێکی زۆری هەیە ئەمر یکا ئامادەیە دەست لەبەرژەوەندیە کانی خۆی هەڵبگرێت لەگەڵ تورکیاو پشتیوای کورد بکات یان تورك لەکورد لەپێشترە بۆ ئەمریکیە کان .سەعدون سلێمان خویندکاری زانکۆ: پرسیارەکە بەو شێوە یە ناکرێت بەڵکو ئەمریکا دەیەوێت تەوازنێك بەپێی بەرژەوەندیە کانی خوی رِابگرێت ئەمەش ئەوە دەردە خات کە ئیستا ئەمریکا لەعێرا ق بەرژەوەندی زۆرهەیە و بەملیارەهادۆلاری لەعێراق سەرف کردوەو هەزاران سەربازیشی کوژراوە ئەمریکا تازە دەست بەرداری بەرژەوەندیەکانی نابێت لەعێراق هاتنی تورکیاش بۆکوردستان بارودۆخەکە ئەشێوێنێت بۆیە ئەمریکا رِێگە بە تورکیا نادات هێرش بکات وە ئالێرەوە بەرژەوەندی تورکیاو ئەمریکا دژ بەیەك دەبن بۆ یەتورکیا ئەم هەرِەشانە وەك وەرە قەی زەخت بەکاردەهێنێت لەم قۆناخەی ئیستاش دا ئەمریکا

پێویستی بەرۆڵی کورد هەیە بۆیە تورکیا لە هاوکیشەکەدانیە ئەوەی کە تورکیا هەڕەشەدەکات ئەوە یە کە ئەمریکا تاڕادەیەك تورکیای پەراوێز کردوە
.سەوسەن ڕەحیم خوێند کار: ئیستا ئەمریکاو تورکیا دوبەرژەوەندی دژ بەیە کیان هە یە هەمومان دەزانین کە لە پرۆسەی ئازادی تورکیا ڕێگەی نەدا
ئەمریکا خاکەکەی بە کار بهێنێت لەوجەنگەدا ئەمەش بوە مایەی ئەوەی ئەمریکا ڕۆڵی تورکیا لاوازبکات لەعێراقدا کەرکوك پەکەکە تورکمانەکان دەوڵەتی
کوردی ئەمانە گەورەترین داوان کە تورکیا لەئەمریکا داوای ئەکات کەرکوك لەدەستوری عێراقدا یەك لای کراوە تەوەو ئەمریکاش ئەڵێت ئەوە کێشەی
عێراقیە کانە نەك کیشەی ولاتانی دراوسێ کێشەی کوردیش بەهەمان شێوە بۆتە کیشەی عێراقیە کان ئەوەی باسی تورکمانە کانیشە ئەمریکا بۆی
دەرکەوتوە پروپاگەندەکان ڕاست نین تائیستاش ئەمریکا هەڵوێستی ڕونی لەسەر پەکەکە نیە بۆیە تورکیا دەزانێت پەراوێز خراوە بۆیە پەنا دەباتە بەر
ئەم هەرەشا نە .هەژین عەبدولاّ خوێندکار: ئەوەی کەدەزانریت لەسیاسەتی ئەمریکا بەرژەوەندی ڕەچاو دەکرێت بەرژەوەندی ئەمریکاش ناخوازێت
تورکیا ئێران سوریا دەست بخەنە کاروباری عێراقەوە ئەمەش تۆماتیکی دژبە بەرژەوەندی تورکیا یە بۆیە سیاسەتی ئەمریکاو بەرژەوەندی ئیستای
ئەمریکا لە بەرژەوەندی ئێمەو دژبە بەرژەوەندی تورکە هاوار لێهەستانی تورك ئەم ڕاستیە دەردەخات دوای وەرگرتنی راوبۆچونی هاولاّتیان ئەو را ستیە
دەردەکەوێت کەرای گشتی کورد زۆرباش ئاگاداری نیازی دەوڵەتی تورکەو ئامادەی هەمووڕوبەڕوبونەوەیەکە ئەگەر تورکیا هێرش بکاتەسەر کوردستان وە
ئەوەشی کە ئیستا لای هەموان ڕوون بۆتەوە کە دەوڵەتی تورك توشی قەیران بوەو لەمەو دواش ناتوانێت وابەئاسانی دەست بخاتە نێو کاروبارەکانی عێراق
نەحکومەتی عێراق نە ئەمریکاش لەگەڵ لەشکرکێشی تورك نین هێرشی تورکیش بۆسەر کوردستا تورکیا ڕوبەڕوی هەرەش و کیشەی گەورەدەکاتەوە .